Oppressed Nations Unity - Iran
اتحاد ملل تحت ستم – در ایران

# ئەڵتەرناتیڤی دروست:
# سەربەخۆیی بۆ هەموو نەتەوەکانی ئێران. وەڵامێک بە بیری ئێرانچیەتیی و ئێرانگەریی

## کۆنفرانسی دووهەم و کاروچالاکی (۳) سێ رۆژەی یەکیەتی نەتەوەکانی بندەست لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا، بە وەرگرتنی بەرپرسایەتی یەکیەتیەکە لە لایەن کوردەوە بۆ یەکساڵ کۆتایی بە کارەکانی هێنا



**رۆژی یەکەم 29.07.2011**

کۆنفرانسی نەتەوەکانی بندەست لە ئێران لە ۲۰۱۱/۷/۲۹ لەندەن بە بەشداری گشت پارت و لایەنەکانی ئەندام لەو یەکیەتیە، کە سێ لایەنی کوردی هاوپەیمان: پارتی سەربەستیی کوردستان/کۆمەڵە ـ پارتی سوسیالدیمۆکراتی کوردستان/پارتی لیبرالدیمۆکراتی کوردستان، لە کاتژمێر 10 ی بەیانی تا 18:00 ئێوارە بەرێوە چوو، کە بەم شێوەی خوارەوە بوو.

۱. سەرەتا کردنەوەی کۆبوونەوە بە یەک خولەک بۆ گیانی پاکی شەهیدانی نەتەوەکانی بندەست.
۲. خۆ ناساندنی نوێنەری (۲) دوو لایەنی تازە بۆ نێو یەکیەتی نەتەوەکانی بندەست لە ئێران. بەرێز جەلیل فەتاحییان وەک پارتی لیبراڵدیمۆکراتی کوردستان و دوکتۆر عەدنان فالح عەبدوڵلە وەک (میعاد) سازمانی ئازادی بەخشی ئەلحواز.
۳. خوێندنەوەی راپۆرتی ٦ مانگەی کار و تێکۆشانی 6 مانگ پێشی بەرە لە لایەن بەرپرسی پێشووی ئەو یەکیەتیە.
٤. باسێکی گشتی لەسەر هەڵکەوتەی جوگرافیایی نەتەوەکانی دراوسێی یەک لە ئێستا و داهاتوودا.
٥. باس و لێدوان لە سەر شێوەی پێشخستنی زیاتری کارەکانی بەرە و دروستکردنی چەند کۆمیتەی جیاواز لە نێو بەرەکە.
٦. باسێکی تێرو تەسەل لە سەر گۆرانکاری لە نێو بەرنامە و پرۆگرامی یەکیەتی نەتەوەکانی بندەست. کە لەوێدا لە سەر پێشنیاری نوێنەرانی کورد گەلێک خاڵی گرنگی پێوە زیادکرا.
۷. لە بەشی کۆتایی رۆژی یەکەم: بەرێز مەسعود فەریقی (کۆمەڵە ـ پارتی سوسیالدیمۆکراتی کوردستان) وەک وتەبێژی گشتی نەتەوەکانی بندەست بۆ ماوەی یەک ساڵ دیاریکرا، و شەهاب روکنی وتەبێژی جولانەوەی ئازادیبەخشی بەلوجستان وەک جێگری ناوبراو بۆ یەک ساڵ دیاریکرا.


onui2011@gmail.com

**ڕۆژی دووەمی کارەکانی بەرە ٢٠١١/٧/٣٠**

کاتژمیر 10 ی بەیانی هەر یەک لە عارف باوەجانی سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان و مەحمود بەشاری سەرۆکی سەرۆکی یەکیەتی ڕزگاریخوازی عەرەبی ئەحواز لە پانێلی تەلەفزوێنی ئەلشەریقیە بۆ ماوەی یەک کاتژمێر بەشدارییان کرد. بەڕێز عارف بە نوێنەری لایەنە کوردیەکان لەو بەرنامە تەلەفزوێنییەدا، زۆر بە وردی ئاماژەی بە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد.
کاتژمیر 13:00 خۆپێشاندان لەبەر دەرکی سەفارەتی ئێران لە لەندەن.

لە لایەن یەکیەتی نەتەوەکانی بندەستی ئێران خۆپێشاندانێکی گشتی بە بەشداری نەتەوەکانی بندەستی ئێران لە بەر دەرکی سەفارەتی ئێران ڕێکخرا. کە لەو خۆپێشاندانە بە هەموو زمانەکانی نەتەوەکانی بندەست لێدوان دەدرا و دروشم دەگوترایەوە. بە دەیان ئاڵای کوردستان لە نێو ئەو خۆپێشاندانەدا دەبینرا کە زۆر بەرچاوبوو.
شایانی باسە کە چەندین کاناڵی ڕاگەیاندنی جیهانی لەو خۆپێشاندانەدا هەواڵ و ڕاپۆرتیان دەگوازتەوە، هەموویان لەو شوێنەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ عارف باوەجانی بە ناوی کوردەکانی بەشدار لەو ڕێپێوانە و نوێنەری نەتەوەکانی دیکە پێکهێنا.

**ڕۆژی سێیەم ٢٠١١/٧/٣١**

ڕۆژی سێیەمی کاری کۆنفرانس تایبەت بوو بە پێکهێنانی پرێس کۆنفرانسی کراوە بۆ میدیاکان و میوانانی بەشدار.
سەرەتایی ئەو بەرنامە لە لایەن بەڕێز مەسعود فەریقی وتەبێژی یەکیەتی نەتەوەکانی بندەست لە ئێران بە پێشکەشکردنی باسێکی گشتی لە سەر دروستبوونی بەرەو کار و ئامانجەکانی دەستی پێکرد، کە پاش تەواوبوونی باسەکەی ناوبراو بە پرسیار و وڵامی بەشداران باسەکە زیاتر دەوڵەمەند بوو.
بە دوای ئەودا سەرۆکی هەرکام لە حیزبەکان بە نۆرە وتاری خۆیان پێشکەش کرد.

بەڕێز عارف باوەجانی لە باسەکەی خۆیدا ئاماژەیەکی کورتی بە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و زەرورەتی بە دەوڵەتبوونی کورد ونەتەوەکانی دیکەی بندەست لە ئێران کرد. هێندێک عەرەبی ناشیونالیستی وڵاتانی دیکەی عەرەبی کە لەو کۆنفرانسە کراوە مێدیایەدا بەشداربوون، توڕەیی و نیگەرانی خۆیان لەبەرامبەر قسەکانی هاوڕێ عارف دەربڕی، بەڵام هاوڕێ عارف وەڵامی پێویستی دانەوە، کە لە ئاکامدا بەشێکیان هۆڵی کۆبوونەوەکەیان بە جێهێشت.
هەر لەو پرێس کۆنفرانسەشدا چەندین میدیا ڕیپۆرتاژیان بلاو دەکردەوە.

ناوەندی ڕاگەیاندنی هاوپەیمانانی سەربەخۆخواز لە یەکیەتی نەتەوە بندەستەکان لە ئێران:
**پارتی سەربەستیی کوردستان**
**کۆمەڵە ـ پارتی سوسیالدیمۆکراتی کوردستان**
**پارتی لیبراڵدیمۆکراتی کوردستان**
2011/8/1